ژمارە / العدد :
ڕێکەوت / التاريخ : ٢٠٢٤ / ٥ /
٢٧ کوردی

بۆ/پارێزگای هەولێر/ب.کاروباری ناوخۆ/بەشی کۆمەڵەکان
ب/ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری کوردستان

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە (٥٠٨٢ لە ٢٠٢٣/١٠/٣١)
ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەبێت پەیڕەوپرۆگرامی یەکێتی ناوبراو لای ئێمە پەسندە .

لەگەڵ ڕێزدا .....

هاوپێچ:-
- پەیڕەوپرۆگرامی پەسندکراو .

عمیدی پۆلیس
سیف الدين عزيز رسول
بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ
(بەوەکالەت)

وێنەیەک بۆ:-
- دۆسیەی تایبەت .
- خولاو .

# پەیڕەو پڕۆگرامی پێشنیار کراو بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری کوردستان

2023/ هەولێر

# پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری

# لە هەرێمی کوردستان/ عیراق

**<u>ماددەی یەکەم:-</u>**

ناو: یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان - عیراق

**<u>ماددەی دووەم:-</u>**

پێناسەی یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاریی:

یەکێتیەکی نا حکومی مەدەنی پیشەیی سەربەخۆیە و کەسایەتیەکی ئیعتیباری و سەربەخۆی دارایی و کارگێری هەیە و مافی خاوەنداریتی مولکی گوازراوە و نەگوازراوەی هەیە ومافی بەرزکردنەوەی داواکاری هەیە و دەتوانێت پارێزەرێك یان زیاتر بکاتە بریکاری خۆی بۆ بەدوا داچون و راپەراندنی ئیش و کارەکانی تایبەت بەم یەکیتیە لە دادگا و تەواوی فەرمانگە و دامودەزگاکان ، ئەم یەکیتیە کار دەکات لە پێناو بەدیهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی گەشت و گوزار و خزماتگوزاری و فرۆکەوانی و پێشکەش کردنی ئاسانکاری و رێنمایی بۆ گەشتیاران لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عیراقی فیدڕاڵ و دەرەوەی وڵات بەم شێوەیەی خوارەوە:

**آ- لە سەرئاستی هەرێمی کوردستان :** یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری کار دەکات بۆ داکۆکیکردن و پاڵپشتی کۆمپانیاکانی گەشتیاری و فڕۆکەوانی مۆڵەت پێدراو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوی کارمەندانی ئەم کەرتە و هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکانی گەشتیاری و فڕۆکەوانی لە کوردستان بە پێ یاسا و ڕینماییەکانی بەرکار لە کوردستان.

**ب- لە سەر ئاستی عێراقی فیدڕاڵ :** یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری هەماهەنگی دەکات لەگەڵ هەموو پارێزگاکانی عیراق و تەواوی دام و دەزگاکانی حکومەتی فیدرال و ریکخراوە ناحکومیەکان لە پیناو پیشومچونی کەرتی گەشت و گوزار لە ئاستی عیراق و هەریمی کوردستان بە تایبەتی، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

**ج – لە سەرئاستی دەرەوەی وڵات :** یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری هەماهەنگی دەکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری و ریکخراوەکانی تایبەت لەم بوارە لە وڵاتانی عەرەبی و نێودەوڵەتی بەمەبەستی پێشخستنی بواری گەشتیاری و فڕۆکەوانی لە کوردستان و لە هەر پیشوەچونێك ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار دەکات .

**<u>ماددەی سێیەم:</u>**

لۆگۆی تایبەت بە یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری بەم شێوەیەی خوارە شیکاری بۆ دەکرێت:

ا: پیتەکانی لۆگۆ بە زمانی ئینگلیزی (KTAU) کە کورتکراوەیە بۆ ( KURDISTAN TOURISM &AVIATION UNION )

کە بە زمانی عەرەبی دەبێتە:

( إتحاد شركات الطيران و السياحة في كردستان)

ب. ڕەنگەکانی لۆگۆ :

- ڕەنگی شین هێمایە بۆ پانتایی کراوەو ئومێد لە هەمان کات هێمایە بۆ گەشتیاری.

- ڕەنگی پرتەقالی هێمایە بۆ باوەڕ بە خۆبوون و لە شێوەی باڵەکانی فڕۆکەیە کە هێمایە بۆ فڕۆکەوانی.

یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری کوردستان

أتـــحاد شـــركـــات الطـــيران و الـــسـياحة كوردستان

KURDISTAN TOURISM & AVIATION UNION

KTAU

**ماددەی چوارەم:**

بارەگای سەرەکی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان/عیراق لە شاری هەولێری پایتەخت دەبێت و مافی کردنەوەی لقی دیکەی هەیە لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسییەکان
وزارة الداخلية
مديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات والاحزاب السياسية

**ماددەی پێنجەم: ئامانجەکانی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری**

١- ئامانجەکانی یەکێتی کۆمانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بریتی یە لە پەرەپێدانی توانای کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری کوردستان و برەودان بەکەرتی گەشتیاری و فڕۆکەوانی و پاراستن و داکۆکیکردن لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان.

٢-داکۆکی کردن و پاراستنی ماف و بەرژەوەندی تەواوی ئەندامانی .

٣- هەماهەنگی کردنی لەگەڵ لایەنەکانی حکومی و نا حکومییە پەیوەندارەکان.

٤- کاردەکات بۆ پتەو کردن و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان کۆمپانیاکانی کەرتی فڕۆکەوانی و گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانیەکانی مەدەنی وەکو (ICAO, WTO , WTTC , WTAT ,IATA) بەمەبەستی سود وەرگرتن لە توانا و شارەزایی و ئەزموونی ئەم ڕێکخراوانەی تایبەتن بە بواری گەشتیاری و فڕۆکەوانی لە ئاستی نێودەوڵەتی وڵاتانی جیهان بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی تواناکانی کەرتی فڕۆکەوانی و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

٥- هاوکاری کردن بۆ وەرگرتنی ڤیزەی گەشتیاری بۆ کۆمپانیاکانی گەشتیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندی دار لە پێناو زیادکردنی گەشتی فڕۆکەوانی بۆ هەرێمی کوردستان و زیاد کردنی ڕێژەی گەشتیاران.

٦- ئامادەکردنی توێژینەوە و ڕاسپاردە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لە دەسەڵاتی یاسا دانان و جیبەجێکردن بۆ ئەو پرسانەی سیفەتی گەشتیارییان هەیە لە پێناو ئاسانکاری زیاتر و پاراستنی ماف و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی هەموو لایەنەکان.

٧- ڕەخساندنی کەشێکی لەبار و ئاسانکاری کردن بۆ کارکردنی کۆمپانیاکانی گەشتیاری و فڕۆکەوانی لە هەرێمی کوردستان.

٨- کردنەوەی خولی مەشق و یارمەتیدانی ئەوکەسانەی لە بواری فڕۆکەوانی و گەشتیاری و فرۆشتنی بلیتی فڕۆکەوانی کار دەکەن یاخود بە نیازن بێنە ئەو کەرتە بۆ ئەوەی بتوانن بین بە کەسانی شارەزا لە بواری بە بازار کردنی گەشتیاری.

٩- پێدان و پەسەندکردنی بڕوانامەی کارکردنی پیشەیی گەشتیاری.

١٠- چاودێری کردنی هەموو کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری و بلیتی فرۆکەوانی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان.

١١- یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری بە ئەرکی خۆی دەزانی لە کاتی پێویست نووسراو و پشتیوانی ئاراستەی سەرجەم باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان و هەرلایەنێکی دیکە بکات بۆپشتیوانی ئەندامانی بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.

١٢- بەشداری پێکردنی ڕێبەرەکانی گەشتیاری لە خولی تایبەت و زیاتر شارەزایی کردنیان لە کاری گەشتیاری.

١٣- هاندانی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری لە کوردستان بۆ پەرەپێدانی کەرتی فرۆکەوانی و گەشتیاری و ئاراستە کردنیان بۆ هەوڵدان تا بتوانین هەرێمی کورستان لەسەر نەخشەی پیشەسازی گەشتیاری دابنێین.

١٤- ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆ دەرچووانی بەشی گەشتیاری لە زانکۆ و پەیمانگای گەشتیاری وفرۆکەوانی لە هەرێمی کوردستان.

١٥- چالاککردنی جموجۆڵی گەشتکردن لە نێوان کوردستان و وڵاتان بە شێوەی دوو لایەنە.

١٦- هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی باج و رسومات لەسەر کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری بە هاوکاری لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا نەبێتە بارگرانی لەسەر گەشتیاران.

١٧- بەشداریکردن لە کۆربەند و چالاکیە فرۆکەوانی و پێشانگا گەشتیارییە نێودەوڵەتیەکان لە ناوەو دەرەوەی وڵات و ئەنجامدانی کۆربەند و پێشانگا و چالاکی گەشتیاری لە کوردستان.

**ماددەی شەشەم: ئەندامێتی**

شێوازی ئەندامێتی لە یەکێتیی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری دوو جۆرە:

**آ- ئەندامی کارا:** ئەو ئەندامانەن کە خاوەن (کۆمپانیا، بنکەی گەشتیاری، نوسینگەی فرۆکەوانی و بەڕێوبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکانن).

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان
وزارة الداخلية
مديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات والاحزاب السياسية

مەرجەکانی ئەندامێتی کارا:

1- دەبێت ئەندام بە ڕەگەز عێراقی بێت.

2- دەبێت دانیشتووی هەرێمی کوردستان – عێراق بێت.

3- تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت ئەهلیەتی یاسایی هەبێت.

4- بەڕێوەبەری لقی هەر کۆمپانیایەکی عێراقی یان بیانی دەتوانیت ببێت بە ئەندام لەم یەکێتیەدا بە مەرجێك مۆڵەتی کردنەوەی لقی کۆمپانیای لە هەرێمی کوردستان وەرگرتبێت و بە نەمانی لقی کۆمپانیاکە مافی ئەندامێتی لێوەردەگیرێتەوە و هەربیانیەك کە کۆمپانیای گەشتیاری یان فرۆکەوانی یان نوسینگەی فرۆکەوانی لە کوردستان دامەزراندبێ مافی بە ئەندام بونی هەیە.

5- پابەند بێت بە پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی.

6- هیچ پێشینەیەکی سزای قورس ولە کەدار و بەدرەوشتی نەبێت.

7- ئەو کۆمپانیایەی ئارەزووی ئەندامێتی لە یەکێتی هەیە دەبێت بە گوێرەی یاسا دامەزراو بێت و مۆڵەتی کارکردنی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێدرابێت.

8- هەر خاوەن کۆمپانیایەکی ئەندام لە یەکێتی نابێت کەمتر لە (4) چوار ساڵی هەبێت لە ئەندامێتی یەکێتی بۆ بەشداریکردن لە خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردن.

****مافەکانی ئەندامی ( أ ):

1- مافی ڕەخنەگرتن و ڕادەربرین و پێشنیارکردنی هەیە.
2- مافی بەشداری کردنی لە کۆبونەوەکان هەیە.
3- مافی خۆپاڵاوتن بۆ دەستەی کارگێری هەیە دوای ( 4 ) ساڵ بەسەر ئەندام بوونی لە یەکێتی.

****نەمانی ئەندامیەتی ئەندامی کارا:

1- لەسەر داوای خۆی دوای 30 ڕۆژ.
2- لە پەیڕەو و پرۆگرام و ئامانجەکانی یەکێتی لایدا بێت.
3- لەدەست دانی ئەهلیەتی یاسایی.
4- لە سێ (3) کۆبوونەوەی یەک لە دوای یەکی یەکێتی بەبێ هۆکار بەشدار نەبێت.
5- بکەوێتە لیستی ڕەشەوە یان هەڵبوەشێتەوە.
6- بە گیانلەدەستدانی.

ب. ئەندامی ( ناکارا ):

ئەم ئەندامانەن کە لە کۆمپانیکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری کار دەکەن واتە (کارمەند) و لە ماف و ئەرکدا جیاوازن لەگەڵ ئەندامی کارا.

****مافەکانی ئەندامی ( ب ):

1- مافی بەشداریکردنی خولی پیشەیی و وۆرکشۆپی هەیە.
2- لە کاتی بوونی هەر کێشەو گیروگرفتێک لە شوێنی کارەکەی، یەکێتی وەک ئەرکێک بەبێ لایەنانە هەڵدەستێت بە چارەسەر کردنی کێشەکە.
3- مافی بەشداریکردن و خۆ پاڵاوتنی نیە .

****ئەرکەکانی ئەندامی (ناکارا):

1- پابەندبوون بە پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتی.
2- پێدانی ئابوونەی هاتنە ناو یەکێتیەکە.
3- پێدانی ئابوونەی ساڵانە بۆ نوێکردنەوەی ناسنامەی یەکێتی.

**** نەمانی ئەندامیەتی ئەندامی ناکارا:

1- لەسەر داوای خۆی دوای 30 ڕۆژ.
2- لە پەیڕەو و پرۆگرام و ئامانجەکانی یەکێتی لایدابێت.
3- لە دەستدانی ئەهلیەتی یاسایی.

وزارة الداخلية ... الاحزاب السياسية

4- ئەگەر هاتوو ئەندامی ناکارا لە کاتی کارکردن تووشی ڕووداوێک یان کێشەیەک بوو کە کاردانەوەی درێژخایەنی هەبێت بۆ سەری ئەوا دەبێت یەکێتی بە هاوکاری خاوەن کارەکەی لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی گونجاو بۆ کاتێکی نادیار بە پێی پێویست هاوکاری بکریت.

**مادەی حەوتەم:**

**شێوەکانی لەدەستدانی ئەندامیەتی لە یەکێتی:**

1- دەستەی لق بڕیار دەدات بە لە دەست دانی ئەندامیەتی ئەندامێک دوای پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی باڵا.
2- پابەند نەبوون بە بڕیارەکانی یەکێتی.
3- پابەندنەبوون بە چالاکیەکانی یەکێتی.
4- ڕانەگرتنی ناو و پێگەی یەکێتی و ئەنجامدانی چالاکی یەکلایەنانە و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستەی باڵا.
5- شکست هێنان لە کارەکان و بێتوانایی و بێباکی.
6- سەپاندنی سزایەکی تاوانکاری بەسەریدا.
7- هەر ئەندامێک لە دەرەوەی یەکێتی کۆڕو کۆبونەوە ئەنجام بدات بە ناوی یەکێتیەکە و بە بێ ئاگاداری یەکێتی، دەستەی باڵا مافی وەرگرتنەوەی ئەندامیەتی هەیە لەو ئەندامەی کە پێشێلی پەیڕەوی یەکێتی کردووە.

**مادەی هەشتەم:**

**داواکاری بوون بە ئەندام بە گوێرەی فۆرمێک دەبێت کە پێشوەخت یەکێتی ئامادەی دەکات بۆ ئەم مەبەستە:**

1- کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی.
2- کۆمپانیاکانی گەشت و گوزار.
3- کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری فڕۆکەوانی.
4- کۆمپانیاکانی بلیتی فڕۆکەوانی.
5- نووسینگەکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری.
6- کۆمپانیای یاخود نووسینگەی بەبازارکردنی گەشتیاری.
7- کارمەندانی بواری گەشتیاری و فرۆکەوانی.
8- خاوەن بنکەکانی گەشتیاری.
9- خاوەن بریکاری گەشتیاری

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان
وزارة الداخلية
مديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات والاحزاب السياسية

**مادەی نۆیەم:-**

**هەیکەلی یەکێتی**

(سەرۆک - جێگری سەرۆک – دەستەی باڵا – لق لە پاریزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان )

**أ - سەرۆکی یەکێتی/** بە دەنگدانی ئاشکرا لەلایەن ئەندامانی دەستەی باڵا هەڵدەبژێردرێت.

**سەرۆکی یەکێتیی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت :**

1- نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات لە بەردەم دەزگا فەرمی و نافەرمییەکان.
2- سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەستەی باڵا دەکات.
3- واژوو لەسەر گشت نووسراوەکان دەکات.
4- نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات لە چالاکییە جیاوازەکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری .

**ب- جێگری سەرۆکی یەکێتی/** بە دەنگدانی ئاشکرا لەلایەن ئەندامانی دەستەی باڵا هەڵدەبژێردرێت.

لە کاتی مۆڵەت و ئامادە نەبوونی سەرۆکی یەکیتیەکە و بە ڕەزامەندی سەرۆک یان دەستەی باڵا هەمان دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەبێت.

**ج- دەستەی باڵا :-**

1. بەرزترین دەسەڵاتە لە ناو یەکێتیەکە، کە پێک دێت لە 9 ئەندامی سەرەکی و 2 ئەندامی یەدەگی هەلبژێردراوی کۆنگرەی یەکێتی کە دواتر سەرۆك و جیگری سەرۆك لە نیو خۆیان هەڵدەبژێرن هەروەها ٢ ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەستن.
2. دەستەی باڵا بە شیوەی مانگانە جاریك یان لە کاتی پیویست کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.
3. دەستەی باڵا دەسەلاتی ڕەهای بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی ئەم یەکێتیەی هەیە و هەڵدەستێ بە ڕاپەڕاندنیش و کارەکانی یەکێتیەکە و جێبەجێ کردنی پەیڕە و پرۆگرامی یەکێتی.
4. دەستەی باڵا هەر3 مانگ جارێك بە شێوەی دەوری کۆبونەوەی فراوان ئەنجام دەدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی لقەکان لە پاریزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.
5. وەرگرتن و دەرکردنی ئەندام بە ٢/٣ ی دەنگ.
6. دانانی میزانیەی ساڵانەی یەکێتی.
7. پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانی یەکێتی لە ماوەی ساڵی ڕابردوو.
8. دانانی بەرنامەی کاروچالاکی یەکێتی بۆ ماوەی ساڵێک.
9. گشت بڕیارەکانی دەستەی کارگێری بە بریاری ٢/٣ دەبێت.
10. بە ٢/٣ دەنگەکان بۆی هەیە لیژنە پێک بهێنێ بۆ هەر گیروگرفتێکی ناوخۆی یەکێتی.
11. مافی هەیە لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بکات لەگەڵ گشت ئەندامانی یەکێتی.
12. بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕی و داراییەکانی یەکێتی بە گوێرەی ئەحکامی ئەو سیستەم و ڕێنماییانەی دانراون و دادەنرێن بۆ ئەم مەبەستە.
13. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی نیوساڵەی ژمێریاری کۆتایی تایبەت بە ماوەی ڕابردوو.
14. ئامادەکردنی پرۆژەی خەمڵێندراو بۆ ساڵی نوێ.
15. دەرکردنی ڕێنمایی دارایی و کارگێڕی پێویست بۆ کاری یەکێتی.. وەک ڕێنمایی پەیوەندیدار بە دامەزراندنی فەرمانبەران و دیاری کردنی مافەکانیان و وەرگرتنی ئیجرائاتی تەمێکردن دەرهەقیان.

16. ئەمین سندوق تۆمارەکانی دارایی بۆ هەموو بەشەکانی دارایی تایبەت بە یەکێتی ڕێکدەخات بە گوێرەی ئوسوڵی ژمێریاری و لەگەڵ سەرۆک واژوو لەسەر مامەڵەکان دەکەن و بەرپرس دەبن لێی لە کاتی ووردبینی کردنی پەڕاوەکان.
17. لە ٪١٥ ئافرەت ئەندامی دەستەی باڵا پێکبهێنێت.
18. هەڵبژاردنی دەستەی باڵا لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرن.

د- لقەکان :

1. یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان مافی کردنەوەی لقی هەیە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ.
2. هەر لقێك پێك دێت لە سەرۆکی لق و جێگر و 3 ئەندام بۆ بەڕێوەبردن دەبێت تاک بێت نەک جووت ٢+٥.
3. هەڵبژاردنی سەرۆکی لق و جێگری لق و 3 ئەندام لە لایەن ئەندامی سنوری لق دەبێت.
4. سەرپەرشتی کار و ئەکەکانی پارێزگا یان ئیدارە سەربەخۆکان دەکات.

**<u>ماددەی دەیەم:</u>**

**مەرجەکانی لە دەستدانی ئەندامێتی لە دەستەی باڵا :**

بە هەبوونی یەکێك لەم خاڵانەی خوارەوە ئەندامیتی لە دەستەی باڵا لە دەستدەدات:

1- لە سێ کۆبوونەوەی دەستە ئامادە نەبێت بەبێ هیچ هۆکارێکی گونجاو و دروست.
2- پابەند نەبوون بە بڕیارەکان و ڕێنمایی دەستەی باڵا.
3- کۆچی دوایی و پەک کەوتنی تەواو.
4- ئەنجامدانی چالاکی نەگونجاو لەگەڵ ئامانج و پەیڕەوی یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری.
5- سەپاندنی سزایەکی یاسایی شەرەف و ناوبانگ شکێن.
6- لە هەموو ئەو برگانەی سەرەوە دەستەی باڵا کۆدەبێتەوە و بڕیاری کێشانەوەی ئەو ئەندامە دەدات کە یەکێک یان زیاتر لە برگەکان دەیگرێتەوە بە ٢/٣ ی دەنگی ئەندامان.

**<u>مادەی یازدەم:-</u>**

**تۆمارەکان**

ئەم تۆمارانەی لای خوارەوە بە مەرجێک لەلایەن فەرمانگەی دادنووس (تصدیق) واتا پەسەند بکرێت.

أ - تۆماری بڕیار و کۆنووسی کۆبوونەوەکان.

ب - تۆماری چالاکی پرۆژەکان.

ج - تۆماری ژمێریاری.

د - تۆماری هاتوو و رۆیشتوو.

ه - تۆماری ئەندامان.

و- تۆماری ئەموال و کەل و پەل

**دەبێت یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری ئەم پەڕاوگانەش ئامادە بکات و پەسندی بکات بە پێی ڕێنماییەکان:**

1- پەڕاوگی ئەندامیەتی تیایدا ناوی هەموو ئەندامەکان و پێناسەی تەواویانی تێدا تۆمار دەکرێت.
2- پەڕاوگەی مەحزەرەکان. تیایدا هەموو مەحزەری کۆبوونەوەکانی دەستەی کەرگێری و بڕیارەکانی دەنووسرێت.

٣- پەڕاوگەی داهات کە سەرجەم داهاتەکان بە زانیاری تەواوەوە تیایدا دەنووسرێت

٤- پەڕاوگەی خەرجی کە تیایدا سەرجەم خەرجیەکانی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بە زانیاری تەواوەوە دەنوسرێت

ئەم پەڕاوگانە لەلایەن سکرتێر و ئەمین سندوقەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی کارگێری و دەستەی گشتی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری دەکەن بۆ پشکنین و پیاچونەوە و پشتگیری کردنیان . دواتر ئەو پەڕاوگانە پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار دەکرێت بە پێی یاسای یەکێتی.

**ماددەی دوازدەم:-**

سزاکان : سزاکان لە ناو یەکێتیی کۆمپانیکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بەم ڕیزبەندییە دەبێت:

ا- ئاگادارکردنەوە

ب- سرکردن

ج- دەرکردن

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان
وزارة الداخلية
مديرية العامة للداخلية
الجمعيات والاحزاب السياسية

**ماددەی سێزدە:-**

**هەڵوەشاندنەوە و هەڵبژاردن :**

هەڵوەشاندنەوە و هەڵبژاردنی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی گەشتیاری بەم دوو ڕێگایە دەبێت :

1- هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی بە زۆرینەی دەنگەکان (٢ لەسەر٣) ی دەستەی گشتی یان بە بڕیاری دادگا و بە ئاگاداری بەڕێز وەزیری ناوخۆ و هۆکاری دیاری کراو یەکێتی هەڵدەوەشێتەوە.
2- لە کاتی هەڵوەشانەوەی یەکێتی گشت ئەموال و کەل و پەلی یەکێتی بۆ خانەی بە ساڵاچوان دەبێت.

**ماددەی چواردە:-**

نوێنەرانی ئەم لایەنانەی حکومەتی هەرێم ( گەشت و گوزار و ناوخۆ و گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان ) بە سیفەتی چاودێر لە هەڵبژاردنی گشتی ئامادە دەبن.

**مادەی پازدە:-**

أ - کۆبوونەوەی نائاسایی دەستەی باڵا لەسەر داخوازی ٢/٣ ئەندامانی دەستەی باڵا دەبەسترێت.

ب - ئەو بڕیارانەی لە کۆبوونەوە نائاساییەکان دەردەچێت وەک ئەو بڕیارانەن کە لە کۆبوونەوە ئاساییەکان دەردەچن بە هەماهەنگی و ئاگاداری لایەنەی پەیوەندی دار.

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان
وزارة الداخلية
المديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات والاحزاب السياسية

**مادەی شازدە:-**

دەستەی بالا لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئاساییەکانی دا ئەم ئەرک و دەسەڵاتانە لە ئەستۆ دەگرێت:

أ - تاووتوێکردنی ڕاپۆرتی نیو ساڵەی دەستەی بالا.

ب - پەسەندکردنی پلانی کارکردن بۆ ماوەی داهاتوو.

ج- پەسەنکردنی ژمێریاری کۆتایی و بڕیاردان لەسەر پرۆژەی خەملێنراوی ماوەی داهاتوو.

د- ووردبینی خەرجیەکان.

و- ماوەی ئەندامێتی دەستەی بالا (دوو) ساڵ دەبێت.

ز- دەستەی بالای هەڵبژێردراو لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بە دەنگدانی ئاشکرا ئەرکەکان بەسەر ئەندامانداا دابەش دەکات.

ح- بە ئامادەبوونی 3/2 ی ئەندامانی دەستەی بالا نیساب تەواو دەبێت ... وە ئەگەر نیساب تەواو نەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی یەک هەفتە دوا دەخرێت و ئەوسا ژمارەی ئامادەبووان هەرچەندێک بێت بە نیسابی تەواو هەژمار دەکرێت. لەم حاڵەتەشدا ئامادەبوان هەموو دەسەلاتیکی لەم پەیڕەوەدا هاتووە دەیانبێت جگە لە (هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی) .

**مادەی حەڤدە:-**

یەکێتی ئەم ڕەسمانە لە ئەندامانی وەردەگرێت و بە پێی پسووڵە مافی خەرج کردنی هەیە:-

1- 500.000 هەزار دینار رەسمی هاتنە ڕیز بۆ یەکەم جار بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بۆ کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی(Airline).

2- 150.000 هەزار دینار رەسمی هاتنە ڕیز بۆ یەکەم جار بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بۆ کۆمپانیاکانی گەشتیاری (گەشتوگوزار، بنکە گەشتیاریەکان، بلیتی فڕۆکەوانی ).

3- 100.000 هەزار دینار رەسمی هاتنە ڕیز بۆ یەکەم جار بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بۆ نووسینگەکان ( نوسینگەکانی گەشتوگوزار، بلیتی فرۆکەوانی، بریکارەکان).

4- 250.000 هەزار دینار رەسمی نوێکردنەوەی ساڵانەی بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بۆ کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی (Airline)

5- 100.000 هەزار دینار رەسمی نوێکردنەوەی ساڵانەی بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیاری بۆ کۆمپانیاکانی گەشتیاری(گەشتوگوزار، بنکە گەشتیاریەکان، بلیتی فڕۆکەوانی ).

6- 75.000 هەزار دینار رەسمی نوێکردنەوەی ساڵانەی بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری بۆ نوسینگەکان (نوسینگەکانی گەشتوگوزار، بلیتی فرۆکەوانی، بریکارەکان).

7- 50.000 هەزار دینار رەسمی نوێکردنەوەی ساڵانەی بۆ یەکێتی کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی و گەشتیاری بۆ ئەندامانی بەشداربووی ئاسایی ( ناکارا).

8- هەر كۆمپانیایاک داوای نووسراو بکات بۆ هەر دام و دەزگایەک بڕێک رسوماتی لێ وەردەگیرێت کە بڕەکەی(25.000 ) بیست و پێنج هەزار دینارە بۆ نووسراو بۆ ناوخۆی هەرێم ، وە بڕی (50.000) پەنجا هەزار بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان .

**<u>مادەی هەژدە:-</u>**

دارایی و داهاتی یەکێتی لەم سەرچاوانەی خوارەوە پیکدێت.

- رسمەکانی هاتنە ڕیز و بەشداری ساڵانە ( ئابوونە) .
- قازانجەکانی وەبەرهەمهێنانی دارایی یەکێتی.
- داهاتی کردنەوەی خولی پیشەیی و مەشقپێکردن کە ئەنجام دەدریت.
- داهات لە بلاوکراوە و چاپەمەنیەکان.
- هەر داهاتیکی دیکە کەوا لە لایەن حکومەتی هەریم یان حکومەتی فیدرال و یان هەر ریکخراو و لایەنی دیکەی ناوخۆ و بیانی پێشکەش بکرێت.
- ئەو داهاتەی بە بزاڤ و چالاکی خۆی بەدەستی دەهێنێت.
- گشتی دارایی یەکێتی لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووردبینی دەکرێت.

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوخۆ
ب. کۆمەڵەو پارتە سیاسیەکان
وزارة الداخلية
مديرية العامة للداخلية
مديرية الجمعيات والاحزاب السياسية

**<u>تێبینی</u>** :

- ووشەی ( یەکیتیی ) مەبەستمان ( یەکیتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیارییە لە کوردستان ) .
- ووشەی ( کوردستان ) مەبەستمان سنووری جوگرافی هەریمی کوردستانی عیراقە .
- ووشەی ( سەرۆك ) مەبەست لیی (سەرۆکی یەکێتی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتیارییە) .